www.kurdistannet.org
11-6-2007 19:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئۆتاوا، کەنەدا

هەرێمی کوردستانی عێراق Kurdistan Regional Of Iraq... ڕزگار میرسەیدی

هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە باکورو باکووری خۆرهەڵاتی عێراقەوە کە هەردووکیان بەشێکن لە کیشوەری ئاسیا واتە کەوتۆتە ناوجەرگەی جیهانی کۆنەوە. لەرووی تۆپۆگرافییەوە لەهەموو بەشەکانی عێراق بەرزترە کە تێکڕایی بەرزاییەکان لە نێوان (200م) لە حەمرینەوە هەتا (3607م) لە لوتکەی هەڵگورد لە چیاکانی حەسارۆست هەروەها هەموو شیوەکانی بەرزو نزمن وەک چیا، گرد، دەشت و بان و دۆڵی تێدا دەردەکەوێت لەرووی بازنەکانی پانییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی ((37 – 33 واتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێت هەرێمی فێنکی باکوور. وە هێڵی درێژی ((46 – 41 پلەی خۆرهەڵات، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پتر لە (4000000) چوار ملیۆن کەس دەبێت دابەشبوون بەسەر شارو شارۆچکە و دێهاتەکاندا. هەرێمی کوردستان خاوەنی شارستانیەتێکی دێرینە کە راستیەکان و لێکۆڵینەوەکان سەلماندوویانە وەک دۆزینەوەی ئێسک و پروسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵی لە ئەشکەوتی شانەدەری کە مێژووەکەی لە نێوان (45000 – 60000) ساڵ لەمەوبەر و هەروەها دۆزینەوەی کۆنترین دێی کشتوکاڵی لە مێژوودا لە ناوچەی چەمچەماڵ ئەویش دێی (چەرمۆ) یە جگە لە چەندین شوێنی ئاینی و ئاسەواری دێرینی دیکەی گرنگ کە بۆ چاخە جیاجیاکانی مێژوو دەگەڕێنەوە. بەهۆی جوانی هەرێمی کوردستان لەرووی سروشتییەوە لە بوونی شاخ و پێ دەشت و رووبارو کانیاو تاقگە و هەروەها دارستانی زۆر، دیمەنی ئەو شوێنانە وای کردووە کە ناوچەی گەشتیاری گرنگی لێ دروستبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.